| IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT<br>Kurdistan-hawler | پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق<br>کوردستان ـ هەولێر |
|---|---|
| No:<br>Date: | ژمارە : تایبەت<br>بەروار : ٢٠١٥/٣/٤ |

١٢٤٤
٢٠١٥/٣/١٠

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

**ب/ پرۆژە بڕیار**

سڵاوو ڕێزمان...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەخوارەوە واژوومان کردووە داواکارین بەزووترین کات پرۆژە بڕیاری تایبەت بە (پەنابەران و دیپۆرتکراوان) بخرێتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

| ناوی پەرلەمانتار | واژۆ | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|---|
| ١- سالار محمود | [signature] | ١٠- صالح فقێ محمد امین | [signature] |
| ٢- بێگەرد دلشاد شکرالله | [signature] | ١١- قادر اوعثمان (قادر زادە) | [signature] |
| ٣- دلێر ماوەتی | [signature] | ١٢- سعید سپیێ | [signature] |
| ٤- گۆران ئازاد | [signature] | ١٣- پەرواز شێخ جمال | [signature] |
| ٥- تەلار لطیف | [signature] | ١٤- شکۆ محمد امین | [signature] |
| ٦- گەشە دارا | [signature] | ١٥- قارەمان قادر فتاح | [signature] |
| ٧- عباس فتاح | [signature] | ١٦- محمد علی یاسین | [signature] |
| ٨- سەرکەوت سرحد | [signature] | ١٧- خەرمان صالح کرم | [signature] |
| ٩- کەژال ... | [signature] | ١٨- فەرمان طه عبدالخالق | [signature] |

١٩) د. شیوان قەلادزەیی [signature]

| ناوی پەرلەمانتار | واژۆ | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
| --- | --- | --- | --- |
| زریان صاوود سعید | | | |
| علی علی هالو | Ali | | |
| بەهار عبدالرحمن محمد | | | |
| عبدالرحمن عارف (دیوکارەان) | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

## بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

## بابەت پێشكەشكردنی پرۆژە بڕیار

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، پرۆژە بڕیاری تایبەت بە ( پەنابەران و دیپۆرتكراوان) پێشكەشی پەرلەمانی كوردستان دەكەین. بەمەبەستی گفتوگۆكردن و بڕیار لێدان. داوا لە سەرۆكایەتی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان دەكەین بیخاتە بەرنامەی كارەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت و ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكرێت.

## پرۆژە بڕیاری تایبەت بە پەنابەران و دیپۆرتكراوان

**یەكەم:** گێڕانەوەی ئەو دیپۆرتكراو یان پەنابەرانەی  دەگەڕێنەوە كوردستان بۆ سەر وەزیفەی گشتی ئەگەر پێش ڕۆیشتن لەوەزیفەی حكومەتیدا بووبن.

**دووەم:** پێدانی ناسنامەی باری كەسێتی بۆ منداڵی ئەو دیپۆرتكراوانەی باوك یان دایكیان هاوڵاتی هەرێمی كوردستانن.

~~**سێیەم:** پێویستە حكومەتی هەرێم هیچ ئاسانكاریەك نەكات بۆ بەزۆر گێڕانەوەی پەنابەران بۆ هەرێمی كوردستان لەلایەن وڵاتانی بیانیەوە.~~

~~**چوارەم:** فڕۆكەخانەكانی هەرێم نابێت هیچ كەسێك لە پەنابەرانی بەزۆر دیپۆرتكراو وەربگرن.~~ ئەگەر بە خواستی خۆیان نەبێت.

**پێنجەم:** هاوکاریکردنی ئەو پەنابەرە دیپۆرتکراوانەی هاوسەرو منالّیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووەو دۆزینەوەی رێوشوێنی گونجاو بۆ پێکگەیشتنەوەیان بەکەدی و هەلّگرتنی دۆخی دابڕان لەنێونیاندا.

**شەشەم:** نوسینگەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوە رابسپێردرێن بۆ هەموو پشتیوانی و ئاسانکاریەکی یاسایی بۆ پەنابەران بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی پەنابەریی.

**حەوتەم:** نوسینگەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوە داوا لەو ولأتانە بکەن کە سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران رابگرن. بەتایبەتی داواکە راستەوخۆ ئاراستەی ئەو ولأتانە بکرێت پەیرەوی ئەو سیاسەتەیان کردوەو دەکەن.

**هەشتەم:** لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە ئاسانکاری بکات بۆ جێبەجێ بوونی ئەم بڕیارە.

**نۆیەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

## هۆکارە پێویستەکان

بەمەبەستی رەچاوکردنی بنەماکانی مافی پەنابەریی و لەبەرچاوگرتنی مافی ئازادی هەلّبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون و لەو روانگەوەی کە پەنابەران توێژێکی کاریگەرو زیندووی کۆمەلّی کوردستانن و رەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ پەنابەرانی دیپۆرتکراوو رێکخستنەوەیان لەگەلّ کۆمەلّگا ئەم بڕیارە دەرچوێنرا.